


# ئافرەتانی کورد خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ نادیە موراد بەرز دەنرخێنن



دوای ئەوەی هەر یەك لە نادیە موراد و دکتۆر دێنیس موکوێگی، وەك دوو کەسایەتیی چالاکی نێودەوڵەتی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییان بە هاوبەشی وەرگرت، کە رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بانگەشەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی، رێژەیەکی زۆری ئافرەتانی کورد، جارێکی دی دەنگی خۆیان خستەپاڵ دەنگی نادیە موراد بۆ ئەوەی لە هەوڵەکانی بۆ رزگارکردنی ئافرەتانی پاکیزەی رفێندراوی کوردی ئێزیدی بەردەوام بێت، داواش لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکەن، بە هەموو شێوەیەك رووبەڕووی ئەو ئیراهابە فیکری و دڕندەییە ببنەوە کە تیرۆریستانی داعش و هاوشێوەکانیان دژ بە هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی پەیڕەوی دەکەن. لەم راپۆرتەشدا ژمارەیەك لە خانمانی کورد راوسەرنجی خۆیان لە بارەی کارنامەی نادیە موراد و خەڵاتەکە جیهانییەکەی بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا سوعاد لالۆ، ئەندامی ئەنجومەنی قەزای شنگال، سەرتا باسی ئەوە دەکات کە «خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی دێتە نێو مێژووی کوردستان لە ڕێگای شنگال و کوردانی ئێزیدی و ئەو جینۆسایدەی کە بەسەریان هات. هاوکات دەڵێت: «ئەگەرچی گەلی ئێمە ئەم خەڵاتەی لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی و نەهامەتییەکی زۆر پڕ لە ئازار وەرگرت، بەڵام مایەی شانازیمانە کە جیهان حیسابی بۆ کردین. نادیە موراد کچە کوردی ئێزیدی بوو بە سمبولی ئازایەتی و تەسلیمنەبون بە نائومێدی، توانی هاواری هەزاران کچی قوربانیی دەستی داعش بە جیهان بگەیەنێت و ببێت بە دەنگی ئاشتی و هۆکارێك بۆ کردنەوەی دەروازەی گەورەی مرۆڤایەتی بە رووی ئەو تاوانە گەورەیە کە دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی کرا، لە بەرامبەر کوردبوون وەك نەتەوەیەکی چەوساوە و ئێزیدیبوون وەك پێکهاتەیەکی ئایینی کە بە درێژایی مێژوو رووبەڕووی پەلامار و جینۆساید بوونەتەوە.» گوتیشی: «ئەم خەڵاتە چەندین پەیام لە خۆیدا هەڵدەگرێت، پەیامێکە بۆ نەهێشتنی توندڕەوی ئایینی و دەمارگیری بەرامبەر کەمە نەتەوەکان، بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت، ئەم خەڵاتەی نادیە موراد جۆرێکە لە قەرەبووکردنەوەی مەعنەوی بۆ قوربانییانی ئێزیدی و کەمێك لەو ئازارە سووك دەکات کە بەسەریاندا هات. ئەم خەڵاتەت پیرۆز بێ لە نادیەی سمبولی ئازایەتی و بێدەنگنەبوون لە ئاست ستەم و نادادی، بە هیوای رەخساندنی کۆمەڵگەیەکی گەورەی مرۆیی کە هەمووان تێیدا بەبێ جیاوازیکردن لەسەر هێچ بنەمایەك، بەتایبەتی ئایین و نەتەوەو رەگەز، بە ئاشتی و ئاسایش بژین.»

د. ڤیان سلێمان، سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بە کچە کوردی ئێزیدی خاتوو نادیە موراد جێی خۆشحاڵی و شانازی ئێمە و هەموو هاونیشتمانییانی کوردستانە. نادیە موراد وەك کچە کوردێکی ئازاو خۆڕاگر دوای رزگاربوونی لە دەستی تیرۆریستانی داعش رەتی کردەوە کە بێدەنگ بێت و توانی هاواری هەزاران ئافرەتی قوربانیی دەستی ستەمی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە جیهان بگەیەنێت و ببێت بە سمبولێك بۆ ئیرادە بەرزی و رادەستنەبوون بە فیکر و روانینی داعش. ئەو نەهامەتییەی بەسەر کوردانی ئێزیدیدا هات بەدەست تیرۆریستانی داعشەوە، هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.»

جەختی لەوەش کردەوە کە «بەرخۆدان و خۆڕاگریی کوردانی ئێزیدی شتێکی نامۆ نییە بە مێژوی گەلی کوردستان، کە بەداخەوە ئەو مێژووە تەژییە بە کارەسات و جینۆساید، بەڵام نەبەدری و بەرخۆدانی کوردانی ئێزیدی وایکردووە، خۆیان و مێژوویان بە زیندوویی بمێننەوە.». گوتیشی: «پیرۆزبایی لە نادیە موراد دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لە ئەرکەکانی و هیواداریین وەك هەمیشە دەنگ و رەنگی هەموو ئافرەتان و قوربانییانی دەستی هزری توندئاژۆ و هەموو ستەملێکراوان لە هەموو جیهان بێت. هەرچەند هیچ خەڵاتێکی جیهانی قەرەبووی ئاست و قەبارەی ئەو ئازارە ناکاتەوە کە بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، بەڵام هیواداریین ئەم خەڵاتە ببێتە مایەی رەواندنەوەی هەندێك لە ئازارەکانیان.

ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجومەنی باڵای خانمان، سەرتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلی کوردستان رووبەڕووی چەندین کارەساتی جینۆساید و قەتلوعامکردنی خەڵکی سڤیل شۆڕشگێڕ و خەباتکاری سیاسی و هەرەسپێهێنانی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان و ئەنجامدانی هەموو شێوازە ڤێزەونەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بووەتەوە، هەمووشیان بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە داوا رەواکانی گەلی کوردستان بووە. ئەوەی جێگەی تێڕامان و پرسیار بووە، ئەوەیە کە هەموو ئەو رووداوانەی کە بەسەر گەلی کوردستاندا دەهات، لە ئەنفالکردن و کیمیاباران نەبوونە شۆك بۆ لێپرسراوانی ئەو کاتەی وڵاتانی خۆرئاوا و ئەوروپا و نەبووە مایەی دەرکردنی هیچ بڕیارێك بۆ سزادانی بکەران و ئەنجامدەرانی تاوانەکان، بەڵام ئەم دۆخە بەو شێوەیە نەمایەوە و دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کوردستان بە رووی جیهانی دەرەوە کرایەوە و بوو بە بەشێك لە عەمەلییەی سیاسی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان و بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و جوغرافیای کوردستانیش تا رادەیەك بایەخی پێ درا.»

ئەمەل جەلال لە درێژەی رادەربڕینەکەیدا دووپاتی دەکاتەوە کە «خەڵکی کوردستان بەگشتی بەردەوام لەژێر هەڕەشە و کوشتن و راوەدونان و زیندانیکردن و ئەنفال و کیمیاباران و دەیان تاوانی دیکەدا بوون، بەڵام ئەوانە تەنیا وەك چیرۆك و رووداو باس دەکران و لە بۆنەو یادە ناوخۆییەکان تێپەڕی نەدەکرد و نەدەبوونە رووداوی جیهانی، بۆیە کاتێك ئەمڕۆ دەبینین، کچێکی کوردی

**دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لە کاتی شەڕدا» لەژێر هەر بیانوویەکی ئایینی و ئایدیۆلۆژی وەک چەکێکی نائینسانی کەڵکی لێ وەرگیراوە و پێویستە هەموو جیهان پێکەوە هەوڵی بنبڕکردنی بدەن**

**لە کەمپینی گەورەی «می توو»، زۆر لە رۆژنامەنووسان نادیە موورادیان هان دا، کە واز لە بێدەنگی بهێنێت و چیرۆکی تاڵی خۆی بۆ هەمووان بڵێتەوە، هەتا دەنگی هەزاران قوربانیی وەک خۆی بۆ هەموو جیهان بەرزبکاتەوە**

**پێویستە هەوڵەکانی نادیە موراد بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بنبڕکردنی دەستدرێژی سێکسی و ئازادی و یەکسانی لە ئاستی جیهانیدا بەردەوام بێت و کار بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی لەژێر هەر بیانوویەکدا بکات**

**نادیە موراد لە کوردستان لەدایک بووە و لە زۆربەی وتوویژەکانیدا بە زمانی کوردی قسە دەکات، خۆی بە ئێزیدی دەناسێنێت، ئێزیدییەکانیش کوردی رەسەن و هاوبەش و خاوەنی خاکی کوردستانن**

**خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ نادیە، نابێت تەنیا لە زاویەیەکی میدیاییەوە لێی بروانین، بەڵکو دەبێت ببێتە هۆی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە گۆڕینی ئەو زهنییەتە چەوتە لە چۆنیەتی ژیانکردن و قبووڵکردنی جیاوازییەکان**

**خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ نادیە دەکرێت ببێتە هەوێنی دەستەبەرکردنی ئازادییە کەسییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە هەموو ئەو ئەگەرانەی کە ترسی دووبارەبوونەوەیان هەیە**

ئێزیدی بووەتە سیمبولی رەوایەتیدان بە بەرەنگاربوونەوەی مافە پێشێلکراو زەوتکراوەکان و نوێنەرایەتی نەك تەنیا کچان و ژنانی ئێزیدی دەکات، بەڵکو نوێنەرایەتی تەواوی ئەو دەنگە کپکراو نەبیستراوانەی کچان و ژنانی دنیا دەکات و ئازارەکانیان دەگوازێتەوە بۆ ئەو ناوەندەی کە دەبێتە خاوەندارێتی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە رووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوونەوەی هەموو ئەو تاوانانەی بەرامبەر مرۆڤایەتی بە گشتی و کچان و ژنان بەتایبەتی دەکرێت، جێی شانازییە و وەك ژنێکی کوردیش شانازی بە نادیە موراد و هەموو ئەو ژنانە دەکەم کە هەڵگری خەمەکانمانن بۆ گەیاندنی بە ناوەندە سیاسی و یاسایی و میدیاییەکانی جیهان.» هاوکات دەڵێت: «خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ نادیە، نابێت تەنیا لە رووی رووداوێکەوە، یان تەنیا لە زاویەیەکی میدیاییەوە لێی بڕوانین، بەڵکو دەبێت ببێتە هۆی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە گۆڕینی ئەو زهنییەتە چەوتە لە چۆنیەتی ژیانکردن و قبووڵکردنی جیاوازییەکان. خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ نادیە دەکرێت ببێتە هەوێنی دەستەبەرکردنی ئازادییە کەسییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە هەموو ئەو ئەگەرانەی کە ترسی دووبارەبوونەوەیان هەیە، ئەمەش بابەتێکی قووڵی سیاسی و پەروەردەیی و یاسایی و کولتووری و فەرهەنگییە و دەبێت تەواوی دامەزراوەکانی هەرێم کاری هاوبەش و ستراتیژییان هەبێت، لە بواری رووبەڕووبوونەوەی جیاوازیی رەگەزی و هەڵتەکاندنی رەگ و ریشەی ئەو عورف و عادات و تەقالیدە چەوتانەی کە یەخەی تاك بە تاکی کۆمەڵی کوردەواری گرتووە و لە شوێنیدا ئەلتەرناتیڤی پێویست و زانستی دابڕێژدرێت و لە ئەرزی واقیعدا بیچەسپێنن و ببێتە کردار و رەفتار و ئاکاری تاك و کۆ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.»

دکتۆر سورەیا فەلاح، کەسایەتی ئەکادیمی و چالاکی مافی مرۆڤ، وتەکانی بە پیرۆزباییەکی گەرم لە «نادیە موراد» و «دکتۆر دێنیس موکوێگی» دەست پێ دەکات و دەڵێت: «خەڵاتی هاوبەشی نۆبڵی ئاشتی بۆ نادیە موراد و دکتۆر دێنیس موکوێگی کە دوو کەسایەتیی دیارو چالاکی بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسین، چەکێکی بەهێزە و هیچی لەو چەکە پێشکەوتووانە کەمتر نییە کە بۆ کۆتاییهێنان بە تیرۆریستان بەکاری دەهێنن.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە هەندێ کەس رەخنە لە نادیا موراد دەگرن، بەوەی کە گوایە کوردبوونی خۆی رەتکردووەتەوە، ئایا ئەوە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟ گوتی: «نادیا موراد لە کوردستان لەدایك بووە و لە زۆربەی وتوویژەکانیدا بە زمانی کوردی قسە دەکات، خۆی بە ئێزیدی دەناسێنێت، ئێزیدییەکانیش کوردی رەسەن و هاوبەش و خاوەنی خاکی کوردستانن، ئەگەر ئینکاری ئەوەی کردبێت، ئەوا پشتیوانی بەشێکی زۆری گەلەکەی لەدەست دەدات، بەڵام ئەوەی کە بە تەنیا خۆی بە ئێزیدی بناسێنێت، بەوە هیچ لە بایەخ و پێگەی کەم نابێتەوە، ئەوە ناسنامەیەتی و بە مانای رەتکردنەوەی کوردبوونی نییە. نادیا موراد لە ئێستادا بووەتە نوێنەری هەرزاران ئافرەتی ئێزیدی کە گەورەترین کارەساتیان بەسەر هاتووە، هەروەها بە هۆی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەوە ئەرکی سەرشانی نادیە موراد زۆر قورستر دەبێت و پێویستە هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بنبڕکردنی دەستدرێژی سێکسی و ئازادی و یەکسانی لە ئاستی جیهانیدا بەردەوام بێت و کار بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی لەژێر هەر بیانوویەکدا بکات. ئەو خەڵاتە تایبەتە بەو کەسانەی ژیانی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە جیهاندا تەرخان دەکەن، هەر بۆیە شایانی گرینگی پێدانی هەموو لایەکە و هیوادارم حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان بایەخێکی زیاتری پێ بدەن و بە هەموو شێوەیەك هاوکاری بکەن، هەتا بتوانێت کەیسی ئێزیدییەکان لە ناو ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بە فەرمی وەك ژینۆساید بناسرێت.»

دکتۆر سورەیا فەلاح ئەوەشی خستەڕوو کە لە کەمپینی گەورەی «می توو»، زۆر لە رۆژنامەنووسان نادیە مورادیان هان دا، کە واز لە بێدەنگی بهێنێت و چیرۆکی تاڵی خۆی بۆ هەمووان بڵێتەوە، هەتا دەنگی هەزاران قوربانیی وەك خۆی بۆ هەموو جیهان بەرزبکاتەوە. گوتیشی: «دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لە کاتی شەڕدا» لە ژێر هەر بیانوویەکی ئایینی و ئایدیۆلۆژی وەك چەکێکی نائینسانی کەڵکی لێ وەرگیراوە، کە پێویستە هەموو جیهان پێکەوە هەوڵی بنبڕکردنی بدەن، خۆیشم هەر لەو بوارەدا لە ساڵی ٢٠١٢ تا ئێستا بەشداریی چەندین کەمپینی نێونەتەوەییم کردووەو وتارم هەبووە و بەرهەمێکیشم لەو بوارەدا هەیە. بەڵام هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی ئەو تاوانە دژی مرۆڤایەتییە پێویستە زۆر بەرفراوانتر و گشتگیرتر بکرێت.»



حەیات مەجید ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لە لایەن کچێکی قوربانیی دەستی جەنگ، دەستکەوتێکی گەورەیە کە سەرەڕای هەموو ناڕەحەتی و ناهەمواریەکانی ژیان کە یەخەیان پێگرتبوو، سەرەڕای لەدەستدانی خانەوادەکەی و سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی چەشتبووی: لەژێر دەستی تیرۆریستاندا، کۆڵی نەدا، نادیە بەردەوام بوو لە ژیان و لەسەر پێیەکانی خۆی وەستا و بە هەموو دونیای وت: منی ئافرەت سەرەڕای هەموو سەختییەکانی ژیان بە متمانە و باوەڕبەخۆبوونەوە رووبەڕووی ئازارەکانم بوومەوە. نادیە بووە سیمبولی بەهێزیی ئافرەت لە دنیادا، بۆیە ئەو دیارییە نێودەوڵەتییە شایستەی ئەو خانمە بوو، کە چیرۆکە سەختەکانی خەمی هەزاران ژنی لە سەرشانی خۆی ناوە و هەوڵی رزگارکردنیان لە بندەستی تیرۆرستان دەدات.»

# چوونی خانمان بۆ پەرلەمان تاچەند گرێکوێرەکانی کێشەی ئافرەتان دەکاتەوە؟

بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی خانمانی پەرلەمانتار لە پەرلەمانی کوردستاندا بۆ ٪٣٠ جێی ڕەزامەندی و دڵخۆشیی ئافرەتان و چالاکانی بواری ماف مرۆڤ بووە و لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانیش بەتایبەتی لە لیستی ژمارە ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاوی خانمانی کاندید بەشدار بوون. ئەگەرچی پەرلەمانتاران وەك نوێنەری گەل ڕۆڵی راستەوخۆیان لە دەرکردنی یاساکان بۆ گشت جومگەکانی کۆمەڵگە هەیە، بەڵام چالاکانی بواری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە خانمانی پەرلەمانتار لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، ئاسانکاری بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرت دەکات، رایەکیش بە گومانەوە لەو پرسە دەڕوانێت و ئەو پرسیارەی لا دروست بووە، کە چوونی خانمان بۆ پەرلەمان تاچەند گرێکوێرەکانی کێشەی ئافرەتان دەکاتەوە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**گەشبینم بەوەی کۆمەڵێک خانمی بەتواناو لێهاتوو و خەباتکار لە بوارە جیاوازەکانی ژیان لە پەرلەمانی کوردستان بەشدارن**

**پێویستە لە کاتی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ئافرەتان بن، بەبێ جیاوازیی بیروبۆچوون و ئایدیا تیشک بخەنەسەر ماف و دەسەڵاتەکانیان**

**ئەرکی ئەندامانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان قورس دەبێت، چونکە داخوازی و داواکارییەکانی ئافرەتان زۆر بووەو جێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکان هەنگاوی زۆر گەورەی دەوێت**

سەرەتا تەرزە محەمەد حوسێن کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، باسی ئەوە دەکات کە «مەبەست لە نواندنی رۆڵی ئافرەت لە بواری رامیاری، ئەو رۆڵەیەتی کە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت، بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە بۆی دەڕەخسێت. ئافرەتانی کوردستانیش بە کوردو نەتەوەکانی دیکە و گشت پێکهاتەکانیەوە بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبووە لە پەرەپێدان بە تواناکانی خۆیان و شان بە شانی پیاوان لە گشت بوارەکانی ژیان کاریان کردووە و بەشێك بوون لە بزاڤی ئازادیخوازی و قورسایی رامیاری و فەرهەنگیی خۆیان هەبووە و توانیویانە خۆبسەلمێنن و بوونیان هەبێت. بەڵام تا ساڵی ١٩٩١ چالاکیی سیاسیی ئافرەتانی کورد زۆربەی کات بە نهێنی بووە و قەوارەکەشی هەر لەنێو حزبە سیاسییەکاندا بووە، بۆیە زۆرجار بە پاشکۆی ئەوان لەخامە دەدرێن، بەڵام لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ رێکخراوی جەماوەری لە پرۆسەی کاری سیاسیدا بە بەشێکی زۆر گرنگ و کاریگەر دەژمێردرێت، هەرلەم روانگەوە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان - عێراق ساڵی ٢٠٠٩ لە دەروازەی دووەم بەشی یەکەمی باس لە مافە شارستانی و سیاسییەکان کراوە و لە ماددەی ((١٩)) کە تایبەتە بە کەرامەت و ژیان و ئازادی باسی مافەکانی تاکی کردووە و ئافرەتیش بە شێوەیەکی گشتی تیشکی خراوەتە سەر.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چوونی خانمان بۆ پەرلەمان تاچەند گرێکوێرەکانی کێشەکانی ئافرەتان دەکاتەوە؟ دەڵێت: «گەشبینم بەوەی کۆمەڵێك خانمی بەتواناو لێهاتوو و خەباتکار لە بوارە جیاوازەکانی ژیان لە پەرلەمانی کوردستان بەشدارن، بۆیە پێویستە لە کاتی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ئافرەتان بن، بەبێ جیاوازیی بیروبۆچوون و ئایدیا تیشك بخەنەسەر ماف و دەسەڵاتەکانیان بۆ دیاری بکەن و بەشدارییەکی کارای پێ بکەن لە ناو کۆمەڵگە و کایەی سیاسی و حکوومییدا، چونکە پەرلەمان شوێنی دەستوور و یاسایە و دەبێت هەوڵی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردی بدەن، ئەمەش بەپێشکەشکردنی پرۆژە و رەخساندنی هەلی کار دەبێت، نەك تەنیا بە دروشم بێت. ئەرکی ئەندامانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان قورس دەبێت، چونکە داخوازی و داواکارییەکانی ئافرەتان زۆر بووەو جێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکان هەنگاوی زۆر گەورەی دەوێت. ئەوان نوێنەری ئافرەتانن و دەکرێت بەپێی دەستوور چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و لە رێی یاساوە داکۆکیکار بن لە مافەکانیان و هەمیشە بۆ بەیهێنانی خەونی خانمان پێشەنگ بن.»

بڵند نەورەس مامۆستای زانکۆیەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەت بەشێکی دانەبڕاوە لە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا و هەمیشەش بەشێکی گرنگی ئەرکەکانی لە ئەستۆیدایە و لەسەرجەم بوارەکاندا بەپێی توانا و ویستی خۆی رۆڵ دەگێڕێت، پەرلەمانیش یەکێکە لەو وێزگانەی کە ئافرەتان شان بەشانی پیاوان کاری تێدا دەکەن. بەڵام بوونی ئافرەت لە پەرلەماندا دەبێت بوونێکی پیشەیی بێت.» گوتیشی: «بوارەکانی ئافرەت فراوانن و پێویستییان بە یاساو کاری زۆر هەیە، دەبێت پەرلەمانتاری ئافرەت رۆڵی نوێنەری ئافرەتان ببینێت و بە ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتیی ئافرەتاندا کار لەسەر یاساکان بکات. بەڵام کردنەوەی گرێکوێرەکانی ئافرەتان بە تەنیا وابەستەی ئافرەت نییە، بەڵکو وابەستەی دابونەریت و ئایین و بیری پیاوە، بۆیە دەرکردنی یاسا، یان هەموارکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە ئافرەتان هەنگاوی گەورەن بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکانی ئافرەتان، بە مەرجێك خودی ئافرەت چەق بێت لەناو یاساکاندا و رەچاوی پێشکەوتنەکان بکرێت و لە ئاست پێویستی و سەردەمدا بێت. ئافرەتی پەرلەمانتار دەبێت لۆبی دروست بکات لە ناو پەرلەماندا بۆ پرسی ئافرەتان و هەنگاو بنێت بە ئاراستەی هوشیاریی کۆمەڵایەتی لە رێگەی ئامرازەکانی میدیا و دامەزراوە جێبەجێکارەکانەوە.

چالاکی مەدەنی لەیلا دیوبەند، رایوایە: «ئەگەرچی دەگوترێ ژنان نیوەی کۆمەڵگەن، بەڵام لە کردەوە و ئاستی کارتێکەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو دروشمە بارتەقای ئەو راستییە نییە، بۆیە دەبوایە رێژەی بەشداریی ئافرەت و پیاو لە پەرلەمان یەکسان بووایە. کاتێك نیوەی کۆمەڵگە لە ناوەندێکی هەستیار و چارەنووسسازی وەك پەرلەمان دووربخرێتەوە، یا بە هەر هۆکارێك بەشدارییەکی کاریگەر و ئەکتیڤی نەبێت، ئەوە مانای وایە ئەو پەرلەمانە لە کێشەکانی نیوەی کۆمەڵگە بێ ئاگا دەبێت، ئەوەش بەداخەوە ئاسەوار و کاریگەریی نێگەتیڤ لە رەوتی بەرەوپێشچوونی جومگە و کۆڵەکە گرینگەکانی کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت. ئەوەندەی بۆ ژنانی کورد لە باشووری کوردستان

دەگەڕێتەوە، پرسەکە هەندێك جیاوازە. لە باشووری کوردستان لە رووی یاساییەوە ژن رێگە پێدراوە خۆی بپاڵێوێ و لە هەمانکاتدا هەڵبژێردرێ، بەڵام لە رووی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتییەوە دەرکەوتنی ژن لە ناوەندە سیاسییە بڕیاربەدەستەکان هەتا ئێستاش دیاردەیەکی فۆرمالیتە و پاسیف بووە، بە داخەوە لە کۆی ئەم هەموو ئافرەتەی لەم دواییانەدا خۆیان بۆ خولی پێنجەمی پەڕلەمان کاندید کرد، ئەوەندەی من ئاگادار بم، تەنیا دوو ژن توانیویانە بە بێ کۆتا بچنە پەرلەمانی کوردستانەوە. ئەوە دەرخەری ئەو راستییە کۆمەڵایەتییەیە کە تا ئێستاش ژن لە کۆمەڵگەی ئێمە کارەکتەرێکی دیفاکتۆ و نامۆیە لە پڕۆسەی سیاسیدا. ئەوەندەی پێوەندی بە تەوەری باسەکەوە هەیە، کە ئاماژە بە رادەی کاریگەریی خانمان لە ناوەندێکی گرینگی وەك پەرلەمان دەکات، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرینگ بکەم کە ئەویش ئەولەوییەت و تەوەری باس و خواسەکانە لە پەرلەمان. گومانی تێدا نییە خانمان هۆکارێکی گرینگی گۆڕینی ئەولەوییەتی باس و تەوەرەکانی نێو پەرلەمانن. خانمان دەتوانن بە پێشکەشکردنی تەرح و گەڵاڵەی نوێ لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و کێشەی ژنان بەتایبەتی بەشێك لەو بارە قورسەی لە ئێستادا لە سەر شانی کۆمەڵگەی ئێمەوەیە سووك بکەن. هەنگاوی یەکەمی خانمان دەبێ هەوڵدان بێ بۆ چارەسەری کێشەکانی تایبەت بە ئافرەتان. دیاردەی خۆسووتاندن و پاڵنەر و هۆکارەکانی، کوشتن و هەتککردنی ئافرەتان، بە زۆر بەشوودان و ناچارکردنی ئافرەت بە مانەوە لە چوارچێوەی ماڵدا و دەیان کێشەی تر کە هێشتا تەنگی بە بەشێکی زۆر لە ژیان و چارەنووسی خانمان هەڵچنیوە. بەڵام بەداخەوە ژنی کورد لە جیاتی راپەڕاندنی ئەرکە تایبەتییەکانی خۆی بە هەمان هەناسەی حزبایەتی و کێبڕکێی سیاسی و رێکخراوەییەوە پێ دەنێتە نێو پەرلەمان، ناتەبایی و نایەکگرتوویی ژنان لە پەرلەمان وایکردووە ژنان نەتوانن گرێ کوێرەکان بکەنەوە و دەوری کاریگەرییان لانیکەم لە کێشە و گرفتەکانی ئافرەت لە رووی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە هەبێت. لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە هەموو ئەو ژنانەی دەچنە پەرلەمان بە مانای واقیعی کەلیمە خوێندەوار و ئاگا نین لە سەر ماف و ئەرکەکانیان. بەڵام بوونی خانمانی وریا و خوێندەوار و لە هەمان کاتدا یەکگرتوو لە پەرلەمان دەتوانێ بەشێکی زۆر لە کێشە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات، ئەوەش کاتێك دەکرێت لە هەنگاوی یەکەمدا زۆربەی خانمان بە دەنگی دەنگدەران و بە لێهاتوویی خویان وەك کارەکتەرێکی سیاسی پێ بنێنە هۆڵەکانی پەرلەمانەوە.»

کازیوە نەسرەدین ئەندازیاری میکانیکە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وەك وتراوە و دەوترێتەوە، دەستپێکی بەدەستهێنانی هەموو ماف و تواناکان و چارەسەری کێشەکانی ئافرەت تەنیا بە یەك شتە، ئەویش هەوڵدانی خۆیەتی، ئەم بابەتەش پرسێکی تایبەتە کە پێویستە لەم دۆخەی ئێستادا قسەی لەسەر بکەین، چونکە دەبینین رۆژ بە رۆژ ئافرەتان بەرەوپێش دەچن و زیاتر هەوڵ و تواناکانیان پەرە پێ دەدەن و لەو چەقبەستووییەی پێشوودا نامێننەوە، لە هەموشی گرنگتر بابەت و پرسە سیاسییەکانە و رۆڵی چالاکیی ئافرەتانە لەو بوارەدا، بەتایبەتی چوونی پەرلەمانتارە ئافرەتەکان بۆ پەرلەمانەکانی کوردستان و عێراقیش پرسێکی جەوهەرییە، چونکە چوونی ئافرەتان بۆ ناوەندی بڕیاردان و یاسادانان، لە یەکەم هەنگاودا کۆتایی بەو دەستەواژانە دێنێت کە باس لە ناکارامەبوون و بێ توانایی ئافرەت دەکات، پەرلەمانتاری ئافرەت بە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتییەکی گەورە کە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکە ئەرکی سەرشانی قورس دەبێت و هەستکردن بە کێشەو گرفتەکان ناچاری دەکات بۆ چارەسەری کێشەکان تێبکۆشێت.»

گوتیشی: «بە هۆی کێشەی خێزانییەوە رۆژانە سەدان منداڵ بێ دایك یان بێ باوك دەبن، کچان بەهۆی بەشوودانی پێشوەختەوە لە خوێندن دادەبڕن، سەدان گرفتی دیکە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، بۆیە ئەرکی خانمانی پەرلەمانتارە هەستن بە نەهێشتن و لانیکەم کەمکردنەوەی گرفتەکانی کۆمەڵگە و هاتنەدەنگ لەسەر ئەو ئافرەتانەی کە بە شێوەی جۆراوجۆر لەژێر ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەییدان، نەك لەسەر حیسابی ئەوان مووچەی قەبە وەربگرن و هەر خەریکی جوانکاری و سەفەرکردن بن و لە ماوەی چوار سساڵدا نەتوانن بەرگری تەنیا لە یەك ئافرەتیش بکەن. ئێمە متمانەمان پێ کردوون، تا لە بری ئێمە لە پەرلەمان قسە بکەن و هەوڵی بەدەست هێنانی باشتر و باشترین بدەن بۆمان، بۆیە لە دڵەوە دەستخۆشی لە هەموو ئەو خانمانە دەکەم کە گەیشتوونەتە خولێك لە خولەکانی پەرلەمان و بە هەر جۆرێك بێت، هەوڵیان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت داوە.»

**پەرلەمان یەکێکە لەو وێزگانەی کە ئافرەتان شان بەشانی پیاوان کاری تێدا دەکەن، بەڵام بوونی ئافرەت لە پەرلەماندا دەبێت بوونێکی پیشەیی بێت**

**دەبێت پەرلەمانتاری ئافرەت رۆڵی نوێنەری ئافرەتان ببینێت و بە ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتیی ئافرەتاندا کار لەسەر یاساکان بکات**

**ئافرەتی پەرلەمانتار دەبێت لۆبی دروست بکات لە ناو پەرلەماندا بۆ پرسی ئافرەتان و هەنگاو بنێت بە ئاراستەی هوشیاریی کۆمەڵایەتی لە رێگەی ئامرازەکانی میدیا و دامەزراوە جێبەجێکارەکانەوە**